# ئافرەتێک سزا درا بەهۆی پشیلەیەکەوە؛ بەستیەوە هەتاوەکو مرد، فڕێدرایە نێو دۆزەخەوە، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی لە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات

لە عبد الله کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئافرەتێک سزا درا بەهۆی پشیلەیەکەوە؛ بەستیەوە هەتاوەکو مرد، فڕێدرایە نێو دۆزەخەوە، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی لە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتێک چووە نێو دۆزەخەوە -پەنا بە خوای گەورە-، وهۆکارەکەش ئەوە بوو کە پشیلەیەکی بەستەوە -بەندی کرد- هەتاوەکو مرد، نە خواردن ونە خواردنەوەی پێیدا کاتێک بەستیەوە، ونە وازی لێی هێنا بۆئەوەی ڕزقێکی بۆ خۆی دەستبکەوێت ولە مێرووەکانی سەر زەوی بخوات. ئەگەر ئەمە هەڕەشە وسزا بێت لەسەر کەسێک بەم شێوەیە مامەڵە بکات لەگەڵ ئاژەڵەکان کە هیچ لێپرسینەوە وئەرکێکی شەرعییان لەسەر نییە ولە ڕۆژی قیامەتدا دەبنە خۆڵ، ئەی چی سەبارەت بە کەسێک ئەگەر ئازاری مرۆڤی بێ تاوان بدات، یان ئازاری مسوڵمانان بدات، یان ئازاری کەسە نزیکەکانی بدات لەوانەی بەرپرسیارە لەسەریان لە: خێزان، ومنداڵ، وخزمەتکار وجگە لەمانە ؟!!

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58193